# داینامیکی جێندەریی کۆچی نێودەوڵەتیی کرێکاران
# لە هەرێمی کوردستان- عێراق(*)

**د. موسڵح ئیروانی**
پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی - زانکۆی سۆران
Email: muslih.irwani@soran.edu.iq
**د. ئێلێنۆر کوفمان**
زانکۆی میدڵسێکس-لندن
**د. ژیار ئاغاپووری**
مامۆستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان - زانکۆی ئەمەریکی لە کوردستان

**پوختە**
ئەم توێژینەوە تایبەتە بە کۆچی ڕەگەزی لە باشوور و باکووری جیهان و جەخت لەسەر کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جۆراوجۆری کۆچبەران دەکاتەوە، وەک: بواری کارکردن، پەروەردە، ئاستی لێهاتوویی کرێکارەکان و ئەو وڵاتەی لێیەوە هاتوون. پێویستە لە دەرەوەی گێرانەوەی بەقوربانی نیشـــاندانیان لە ڕۆڵ و پێگەی ژنانی کۆچبەر بڕوانین. ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی تیۆرییە فێمینیســتەکان و کۆچبەرییەوە، بەدواداچوون بۆ پەیوەندیی نێوان پاڵنەرە ئابووری، کۆمەڵایەتی-کولتوورییەکان و ئەزموونەکانی کۆچبەری مێینە لە هەرێمی کوردستان دەکات. ئەو تەوەرانەی کە جەختیان لەسەر کراوە بریتین لە کارتێکەرەکانی کۆچ لەوانە هەڵاواردن (discrimination)، بارودۆخی ژیان/کارکردن، ڕۆڵ و پێگەیان، ســتراتیژییەکانی هەڵکردن و ئاراســتەکانی جموجۆڵیان. بۆ مەبەســتە چاوپێکەوتن لەگەڵ 24 ژنە کرێکاری کۆچبەر لە کەرتی خزمەتگوزاریی ناوماڵ، پەروەردە و ڕێکخراوە ناحکومییەکان کراوە. ئەم توێژینەوەیە تێگەیشــتنە کۆنەباو و پیاوســاالارییەکان دەخاتە ژێر پرســیارەوە و هەوڵی بەرزنرخاندنی ڕۆڵی کرێکاری بیانی ژن دەدات. هەروەها لێکۆڵینەوەکە باس لە کۆچی باشــوور-بۆ-باشــوور دەکات، جەخت لەسەر ئاڵۆزییەکانی داینامیکی ڕەگەزی و چوارچێوەی کۆچکردن و کاردانەوەی کۆچبەران دەکاتەوە.
زاراوە سەرەکییەکان: کۆچ، کرێکاری بیانی، ژن و داینامیکی ڕەگەزیی

**الخلاصة**
يتعمق هذا البحث في الديناميات الجنسانية لهجرة اليد العاملة الدولية من العالم الجنوب والشمال إلى العالم الجنوب، مع تسليط الضــوء على الجوانب المختلفة للمهاجرين، مثل التوظيف والتعليم ومســتويات المهارات وبلدانهم الأصــلية. إنه يتجاوز تصــوير المهاجرين على أنهم مجرد ضحايا، وبدلاً من ذلك يدرس الدور المحوري ومكانة النساء المهاجرات. من خلال نظريات النسوية والهجرة، تبحث هذا البحث في كيفية تشـابك العوامل الاقتصــادية والاجتماعية والثقافية مع تجارب العاملات المهاجرات في إقليم كردســتان. ويســتكشـف أسـباب الهجرة، بما في ذلك التمييز وظروف المعيشــة والعمل، بالإضــافة إلى الأدوار والمواقف وآليات التكيف ومســـارات الحركة. وكجزء من عملية جمع البيانات، تمت مقابلة 24 عاملة مهاجرة تعمل في الخدمة المنزلية والتعليم والمنظمات غير الحكومية. يتحدى البحث المفاهيم النمطية والأبوية، بهدف الاعتراف بأهمية العاملات الأجنبيات. علاوة على ذلك، فإنه يســلط الضــوء على الهجرة من الجنوب إلى الجنوب، مع التركيز على الديناميكيات المعقدة بين الجنســين والتعقيدات السياقية التي تشكل تجارب المهاجرين وردود أفعالهم.

(*) ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە پرۆژەیەکی توێژینەوەی گەورەتری فرەوڵاتی لە ژێر ناوونیشانی 'داینامیکی جێندەرییەکانی کۆچی نێودەوڵەتیی کار' کە لە چوار وڵاتی لوبنان، پاکســتان، تورکیا و هەرێمی کوردســتانی-عیراق ئەنجامدراوە. هەروەها بەشــێکە لە پرۆژەیەکی گەورەتر بە ناوی ناوەندی جێندەر، دادپەروەریی و ئاسایش (Gender, Justic and Security Hub) لە زانکۆی ئابووری و سیاسی لەندەن (LSE)و هەروەها زانکۆی میدڵسێکس لەندەن. پشــتیوانییە داراییەکەی لە لایەن دەزگای توێژینەوە و داهێنانی بەریتانیا (UKRI) و لە ڕێگەی ســندوقی توێژینەوەی ئالینگارییە جیهانییەکان (GCRF) دابین کراوە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## Abstract

This research delves into gender dynamics of international labour migration from the global south and global north to the global south, spotlighting various facets of migrants, such as employment, education, skill levels, and their countries of origin. It goes beyond portraying migrants as mere victims and instead examines the pivotal role and standing of immigrant women. Through the lenses of feminist and migration theories, this paper scrutinizes how economic and socio-cultural factors intertwine with the experiences of female migrants in the Kurdistan Region. It explores migration triggers, encompassing discrimination, living and working conditions, as well as the roles, positions, coping mechanisms, and trajectories of movement. As part of the data collection, 24 female migrant workers engaged in domestic service, education, and NGOs were interviewed. The research challenges stereotypical and patriarchal notions, aiming to acknowledge the significance of female foreign workers. Moreover, it sheds light on south-to-south migration, emphasizing the intricate gender dynamics and the contextual intricacies that shape migrant experiences and reactions.


## پێشەکی

كۆچی باشوور-بۆ-باشوور (واتە لە نێوان وڵاتانی گەشەسەندووی جیهانی باشووردا) لە ساڵانی نەوەدەكانەوە تاكو ئێستاش كەمتر گرنگی پێدراوە، بە پێچەوانەی كۆچی باشوور-بۆ-باكوور (لە وڵاتانی گەشەسەندووی جیهانی باشوور بۆ وڵاتانی پێشكەوتووی جیهانی باكوور) كە جەخت لەسەر گواستنەوەی كرێكار دەكات لە وڵاتانی هەژارترەوە بۆ ماڵە دەوڵەمەندەكان لە وڵاتانی داهات بەرز؛ ئەمەش بۆ پڕكردنەوەی بۆشایی لە وەچەخستنەوەی خێزانەكاندا. لە كاتێكدا كە كۆچبەرانی مێینە بەئەندازەیەكی زیاتر لە پیاوان حەزیان لە كۆچكردنە بۆ ئەو وڵاتانەی كە داهاتیان بەرزترە (IOM, 2020)، كەچی لەهەمانكاتدا وا دەردەكەوێت كۆچێكی بەرچاوی نێوان-هەرێمی لە ناوچەكانی باشووردا ڕوودەدات، بە تایبەت بۆ وڵاتانی داهاتی سەروو مامناوەندی، وەک ئەرجەنتین، باشووری ئەفریقا و توركیا. لە ڕاستیدا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەكەمەوە، خواست لەسەر كرێكارانی ناوماڵ و چاودێریكردن لەنێو ئەو خێزانانەی كە لە چینی ناوەڕاست و باڵا دان لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریكای ناوەڕاست و لاتینیشدا، بەئەندازەیەكی زۆر زیادی كردووە. بۆ ماڵە دەوڵەمەندە شارنشینەكان، كارپێكردن و دامەزراندنی كرێكارێكی كۆچبەر تەنها یارمەتیدەر نییە بۆ پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییەكانی ناوماڵی وەک (چێشتلێنان، پاككردنەوە و چاودێریكردن)، بەڵكو وەک هێمایەكی پێگەی كۆمەڵایەتیش سەیر دەكرێت. بەهەمانشێوەی توێژینەوەكانی كۆچی جێندەریی بۆ باكوور، سەرنجەكان بە تایبەتی لەسەر كاری ناوماڵ و چاودێریكردن چڕ بوونەتەوە و بە ڕادەیەكی كەمتر گرنگی بە 'كۆچی جێندەریی كارامە' لە باشووردا دراوە. هاوكات لەگەڵ ئەمەشدا توێژینەوە لە كەرتە جیاجیاكان ئاماژە بە كۆمەڵێک كار و وەزیفە دەكەن كە لەلایەن ئەو ژنانەوە ئەنجام دەدرێن كە بە تەنیا و سەربەخۆ لە هاتوچۆ و جموجۆڵ دان. لەم ساڵانەی دواییدا قوتابخانە نێودەوڵەتییەكان بە شێوەیەكی تایبەت ستافی بە ڕەچەڵەک خەڵكی ئەوروپا و ئەمریكای باكوور دادەمەزرێنن. هەروەها ڕێكخراوە مرۆییەكانیش لەو نێوانەدا بەشێوەیەكی بەرچاو كار بەوانە دەدەن. هەندێكی تریشیان لە بواری بازرگانی و بەڕێوەبردن و كارگێڕیدا كاردەكەن. سەرەڕای ئەمەش توێژینەوەكان تیشكیان خستۆتە سەر بوونی كرێكاری كارامە كە لە ڕێگای كۆمەڵێک ڕێگەی دیكەی وەک پەروەردە، هاوسەرگیری، یەككگرتنەوەی خێزان و پەنابەرێتییەوە هاتوونەتە نێو بازاڕی كارەوە. ئامانج لەم توێژینەوەیە تیشک خستنە سەر هەمەجۆریی كۆچبەرانە لە پێوەندیدا لەگەڵ كەرتەكانی كاركردن و ئاستی خوێندن و كارامەیی و وڵاتانی كۆچ لێوە كراو.

### پرسەكانی توێژینەوە

پرسەكانی توێژینەوە لەم خاڵانەی خوارەدا كورت دەكەینەوە:

١. پاڵنەرەكانی كۆچكردنی كرێكاری بیانی ژن بۆ هەرێمی كوردستان چین؟

٢. كرێكاری بیانی ژن لە كوردستاندا چۆن دەژین و ئەزموونی كاریان چۆنە؟

٣. چۆن لەگەڵ رەوشی تازەی تەواو جیاوازیان رووبەڕوو دەبنەوە و هەڵدەکەن؟
٤. ئەو کێشانە چین کە لە هەڵسوکەوت و جموجۆڵیان لەناو شاردا رووبەڕووی دەبنەوە؟

**ئامانجەکانی توێژینەوە**

١. بەشداریکردن لە شیکارییەکانی کۆچی جیهانی کرێکاری مێینە لە باکوورەوە بۆ باشوور و باشوور بۆ باشوور لە ڕوانگەی جێندەرییەوە، بە وربوونەوە لە پێویستیی بەرهەمهێنانی زانیاریی ئاڵۆز و بەڵگەدار، وێرای داننان بە بوونی جیاوازی و لێکنەچوون لە جیهانی باشووردا؛

٢. لێکۆڵینەوە لە داینامیکی جێندەریی کۆچی نێودەوڵەتیی کار لە پێوەندیدا بە پاڵنەرەکان و پرۆسەکانی کۆچکردن، لەوانەش بوونی دامەزراوەی جیاکاریانە و مامەڵەی جیاکاریانە بەرامبەر بە مێیینە لە وڵاتانی ڕەسەنی کۆچبەران و ڕۆڵی ئەو کۆمپانیا و لایەنانەی ئاسانکاری بۆ کۆچکردن دەکەن؛

٣. لێکۆڵینەوە لە ئەزموونەکانی ماڵ، کار، پێگەیشتنی کۆمەڵاتی و کارابوون و ستراتیژییەکانی خۆگونجاندن و دەستڕاگەیشتن و بەکارهێنانی فەزای شار لە وڵاتانی کۆچبۆکراو؛

٤. پەرەپێدانی داڕشتنی سیاسەتەکان بەجۆرێک کە ڕەنگدانەوەی واقیعەکانی کۆچی جێندەری و مافەکانی کار و پاراستنی کۆمەڵایەتی بێت.

**چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

ئەم توێژینەوەیە پشت بە تیۆرە رەخنەییەکانی بواری فێمینیزم و کۆچ دەبەستێت. لە لایەکەوە، هۆکارە ئابووری و سیاسییەکانی توندوتیژیی بنگەهێن، و رۆڵیان لە کۆچی ژناندا لەبەرچاو دەگیرێن. لە لایەکی دیکەوە، سەرنج دەخرێتە سەر پرۆسە بچووکەکان، بەجۆرێک کە جیاوازیی ئەزموونەکان لە پەیوەندی نێوان دەسەڵات و سۆژە (ئەیجێنسی) ببینین؛ ئەمەش بە دوور لە تێگەیشتنە ستریۆتایپییە باوەکان کە تەنیا جەخت لەسەر کۆچی ژن لە باشوور-بۆ-باشوور دەکەن.

ئەم توێژینەوەیە پشت بەو روانگەیە دەبەستێ کە نزیکە لە ئەزموونی کۆچبەر و هەست و تێگەیشتنیان و خۆ وێناکردن دوور لە ستریۆتایپی قوربانیکردن (Mulinari & Sandell, 1999). پێگەی کارای (سووژەی) ژن دەکەوێتە چوارچێوەی هەلومەرجی بنگەهینی (پێکهاتەیی) چەوسانەوە (Crenshaw, 2017; Smith, 2000). رەگوڕیشەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی نایەکسانی دەسەڵات (هێز) و نۆڕمە جیاکارییە رەگەزی و کۆمەڵایەتییەکان، وەکو بازاڕی کار، ڕێسا نیشتیمانییەکانی ڤیزا، مۆڵەتی کار و مانەوە (ئیقامە)، شەڕ، ململانێ و جیاکاریی ئایینی، بزوێنەری جێندەریانەی کۆچ کە کاریگەریان هەیە لەسەر ئەوەی خەڵک لە وڵاتی ڕەسەن و زێدی خۆیان کۆچ بکەن. جەختکردنەوە لەسەر کردارەکانی\شێوازەکانی رووبەڕووبوونەوە و هەڵکردنی کۆچبەران لەگەڵ ئەو بانگەشەی پێویستبوونی ئایدیۆلۆژیای پۆستکۆلۆنیالیزم و پیاوسالاری و بەچەقگرتنی ئەوروپا یەکدەگرێتەوە کە تێیدا کۆچبەرانی باشووری جیهان وەک بێدەسەڵات و لاواز وێنا دەکرێن (Mohanty, 1984; Mahmood, 2001). ئەم بۆچوونە سەیری کۆچبەران لە باشووری جیهان دەکات وەک کەسی زیاندیدە و لاواز کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە (Bankoff, 2001; Aloudat and Khan, 2022; Deshingkar and Zeitlyn, 2015).

بەگوێرەی ئەم بنەما تیۆرییانە، گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە زاراوەی "جیهانی باشوور و باکوور" لە روانگە و بە هوشیارییەکی ڕەخنەگرانەوە بەکاردەهێنین. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئێمە نامانەوێت بیرۆکەی کۆچکردن بگێڕینەوە بۆ ئەو تێگەیشتنە دەقبەستووەی کە پێیوایە کۆچ لە نێوان، بە وتەی خان، باشوورێکی 'پەراوێزخراو' و باکوورێکی 'پێشکەوتوو'دا ڕوودەدات. بەو مانایە ئێمە ئاگاداری ئەو ڕاستییەین کە زاراوەی کۆچی باشوور-بۆ-باشوور زاراوەیەکی ئەخلاقییە، کە لە زانستی باکوورەوە سەرچاوەی گرتووە، و هەڵگری 'تێگەیشتنێکی پڕ لە کەموکوڕییە' (Khan, 2022). ئەم جۆرە شێواندنانەی ئەدەبیاتی باکوور، جموجۆڵی باشوور-بۆ-باشوور وەک پرۆسەیەکی تاکەکەسی، سنووردار و کاتی دەبینێت. سەرەڕای ئەوەش، ئەو زەمینە و چوارچێوەیەی لە باشوور هەیە (Fiddian Qasmiyeh, 2020) و 'باشوور پێویستە بەرپرسیاری [بەرهەمهێنانی] زانیارییەکان لەبارەی خۆیەوە هەڵبگرێ' (Khan, 2022) پشتگوێ دەخات.

بە پێچەوانەی کۆچی باشوور-بۆ-باکوور، کە زیاتر جەختی لە گواستنەوەی کار دەکردەوە لە وڵاتانی هەژارترەوە بۆ ماڵە دەوڵەمەندەکان لە وڵاتانی داهات بەرز بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی لە زاوزێی کۆمەڵایەتی خێزانەکاندا (Hochschild, 2000; Parreñas, 2001)، کۆچی باشوور-بۆ-باشوور لە ساڵانی نەوەدەکانەوە کەمتر گرنگی پێدراوە. لە کاتێکدا کە کۆچبەرانی مێینە بە ڕێژەیەکی زیاتر لە پیاوان بۆ وڵاتانی داهات بەرز کۆچ دەکەن (IOM, 2020)، کۆچێکی بەرچاویش لە نێوخۆی باشووردا ڕوویداوە، بەتایبەتی بۆ وڵاتانی داهاتی سەروو مامناوەند، وەک ئەرجەنتین، باشووری ئەفریقا و تورکیا (Kofman and Raghuram, 2010; 2015). لە ڕاستیدا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەوە، خواست لەسەر کرێکارانی ناوماڵ و

چاودێری لەماڵە چینی ناوەڕاست و باڵاکانی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکای ناوەڕاست و لاتینیشدا زۆر زیادی کرد. بۆ ماڵە دەوڵەمەندە شارنشینەکان، دامەزراندنی کرێکارێکی کۆچبەر نەک تەنها یارمەتیدەر بووە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی ناوماڵ (چێشتلێنان، پاککردنەوە، چاودێریکردن)، بەڵکو وەک هێمای پێگەی کۆمەڵایەتیش سەیر کراوە. وەک چۆن لە توێژینەوەکانی کۆچی ڕەگەزی بۆ باکوور، سەرنج بە تایبەتی لەسەر کاری ناوماڵ و چاودێریی چڕ بووەتەوە (Izaguirre and Walsham, 2021). بەڵام وەک دێشینکار و زمیتلین (2015؛ 170) تێبینی دەکەن، لێکۆڵینەوەی پێشوو لەسەر ئەم پرسە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر "[...] پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە نێوان کرێکاران و خاوەنکاران، نەبوونی یاسا بۆ پاراستنیان، پشتگوێخستن لەلایەن دەوڵەتەکانەوە، و ئیستغلالکردن لەلایەن کۆمپانیا و بریکارەکانی دامەزراندنی کارمەند و خاوەنکارەکانەوە" چڕبووەتەوە. بێگومان ئەم پرسانە گرنگن بەڵام کۆمپانیاکانی هێنانی کرێکارانی بیانی، لە لایەکی دیکەوە، لە زۆرێک لە ناوچەکاندا بە کەمی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، هەرچەندە لە ساڵانی ڕابردوودا ڕوانگەی تازە سەریان هەڵداوە بۆ نیشاندانی کارایی و چالاکیی کرێکارانی کۆچبەری ناوماڵ لە ڕێگەی کەناڵی جۆراوجۆرەوە (Fernandez, 2019; Bechtold et al. 2022). ئەمەش هەم لە پێوەندی لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵاواردنی ڕەگەزیی لە وڵاتانی ڕەسەن ڕوودەدات، بۆ نموونە توندوتیژی خێزانی، ستیگمای جیابوونەوە و تەڵاق، هەڵاواردن و هەمیش نەبوونی دەرفەتی کار کە کۆچکردن لەوانەیە چارەسەرێک بێت؛ وەک لە شیکارییەکانی "پێوەرەکانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و جێندەر" خراوەتەڕوو (Ferrant et al., 2014; OECD, 2019 & 2023). دوای کۆچکردن و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیستغلالکردن و خراپی بارودۆخی کارکردن، کۆمەڵێک ستراتیژی ڕووبەڕووبونەوە دێنە پێشەوە، وەک گۆڕینی خاوەنکار لە ناوخۆی وڵات، زۆرجار سوودوەرگرتن لە تۆڕی دۆست و هاونیشتیمانیان یان گواستنەوەی بۆ وڵاتانی دیکە بۆ باشترکردنی بارودۆخی کارکردنیان و بەدەستهێنانی مووچەی زیاتر (Parreñas, 2021; Paul, 2015). ئەوەی کەمتر بەدی دەکرێت بریتییە لە پەنابردنە بەر سەندیکاکان بۆ چالاکی بەکۆمەڵ یان بەکارهێنانی دادگاکان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی پێشێلکردنی گرێبەستەکان، ئەگەرچی لە هەندێ دۆخدا، لەوانەیە ئەنجومەن و کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیان پێکبهێنن وەک لە لوبنان و لە نێو فلیپینییەکان لە پاکستان بەرچاو دەکەوێ.

ئەدەبیات لەسەر کۆچی کارامەی ڕەگەزی لە باشوورەوە بۆ باکوور کەمترە لە چاو کرێکارانی کەمتر کارامە. بەڵام لە باشوور زۆر دەگمەنن، لەکاتێکدا زۆربەی توێژینەوەکان لەسەر ئەورووپای ڕۆژئاوا، ئەمریکای باکوور و وڵاتانی کەنداوی عەرەبین (Kofman, 2022; Kofman and Raghuram, 2015). لە ڕابردوودا ژنانی کۆچبەری خوێندەوار لە باشوور وەک "هاوسەفەری هاوژینەکان"ی کۆچبەرانی دەستەبژێر (نوخبە) یان کارمەندی بیانی دەبینران (Kunz, 2016). هەرچەندە هێشتا لە ڕووی چین و ڕەگەزەوە ئیمتیازیان هەیە، بەڵام زۆرجار بەشێکن لە چینی مامناوەندی سنووربڕی نێودەوڵەتی (Conradson and Latham, 2005) و مەرج نییە مووچەیەکی زۆر و کارێکی مسۆگەریان هەبێت. بەڵام توێژینەوە لەسەر کەرتە جیاجیاکان ئاماژە بە کۆمەڵێک پیشە دەکەن کە لەلایەن ئەو ژنانەوە ئەنجام دەدرێن کە بە تەنیا و سەربەخۆ کۆچ دەکەن. لەم ساڵانەی دواییدا قوتابخانە نێودەوڵەتییەکان زیادبوونە (ISC, 2023; Koh and Sin, 2019)، بەتایبەتی لە ئاسیا (هەرچەندە کەمتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، بە تایبەت ئیشیان بە کارمەندانی ئەورووپا و ئەمریکای باکوور داوە. هەروەها ڕێکخراوە مرۆییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو خەڵکیان خستوتە کار. توێژینەوەکان لەسەر کۆچی کارامەی ڕەگەزی سەرنجیان لەسەر شوێنی کار تێپەڕیوە و گرنگی زیاتر بە ئەزموونەکانی ژیانی خێزان و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەدەن (Bailey et al., 2017). جگە لەوەش، توێژینەوەکان تیشکیان خستۆتە سەر بوونی کرێکاری کارامە لە بازاڕی کاردا کە لە ڕێگاکانی دیکەی وەک پەروەردە، هاوسەرگیری، یەکگرتنەوەی خێزان و پەنابەرانەوە هاتوونەتە ناو وڵاتێکەوە (Kofman, 2022). جگە لەوەش وڵاتانی باشوور بە شوێنی ناسەرنجڕاکێش بۆ خوێندکاران لەقەڵەم دەدرێن؛ هەرچەندە هەندێک زانکۆی نایاب لەو وڵاتانە هەیە کە بەهۆی تێچوون و سەختییەکانی تری خوێندن لە باکوور بوونەتە جێی سەرنجی خەڵک. بە گشتی، وەک خان (2020) پێیوایە ، پێویستە لە ڕوانگەیەکی ئابووریی سادەوە بۆ کۆچکردن نەڕوانین، و دان بە ئاڵۆزیی کۆچی ڕەگەزیدا بنێین کە لە نێوان وڵاتانی باشوور و بۆ وڵاتانی باشوور ڕوودەدەن (Kofman, 2022).

لەم بەشەی خوارەوەدا، ئەو زانیارییە سنووردارەی کە لەبارەی کۆچی ڕەگەزییەوە هەمانە لە چوارچێوەی زیادبوونی بەرچاوی کۆچی کرێکاری لە دوو دەیەی ڕابردوودا، دەخەینەڕوو. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر پەنابەری لە وڵاتانی دراوسێی بەرجەنگ کەوتووی وەخۆگرتووە (Kaya and Luchtenberg, 2018). لە ڕاستیدا زۆربەی پەنابەرانی سووری لە عێراق لە نەتەوەی کوردن و لە چوارچێوەش 47%ی ئەو پەنابەرانەی لە هەرێمی کوردستانن لە ڕەگەزی مێن (IPSOS Group SA, 2018).

**پرسی جێندەریی کۆچ لە هەرێمی کوردستاندا**

هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی 2006، دوای بە فەرمی ناسرانی وەک هەرێمێکی فیدڕاڵی، گەشەسەندنێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە بینی. لەوساوە وردە وردە دەرفەتی کار و لە ئەنجامیشدا ژمارەی کرێکارانی بیانی و کۆمپانیاکانی هێنانی دەستی کاری بیانی لە کەرتە جیاوازەکانی وەک پەروەردە، بیناسازی، وزە، میوانداری، جوانکاری، کاری ناوماڵ، و خزمەتگوزارییەکانی دیکە، زیادی کرد. ئەمەش ئاماژەیەک بووە بۆ سەرنجڕاکێشیی هەرێمی کوردستان بۆ کرێکارانی بیانی (Yusuf, 2018; Stansfield, 2021).

هۆکارەکانی هاندانی کۆچی کرێکاران بۆ هەرێمی کوردستان بریتین لە ململانێ، شەڕ و خراپی بارودۆخی ئابووری لە وڵاتانی دراوسێ. کۆچبەرانی ئێرانی کە کاریگەری سزاکانی ئەمریکایان لەسەرە، گەورەترین گرووپ پێکدەهێنن. دابەزینی بەهای لیرەی تورکی لە 2018ەوە پاڵنەری کۆچکردنی کرێکارانی تورکیا بوو و کۆمپانیا تورکییەکانیش ژمارەیەکی زۆری کۆچبەری کرێکارییان هێناوەتە ناو هەرێمەوە. سەرهەڵدانی داعش و بەردەوامیی ململانێکان لە سوریا وایکردووە زۆرێک لە کوردەکان ئاوارەبن بۆ هەرێمی کوردستان. سەرەڕای ئالنگارییەکان، کۆچبەرانی سووری بە تایبەتی بە ڕەچەڵەک کورد، مۆڵەتی مانەوە و کارکردنیان لە هەرێمی کوردستان پێدەدرێت.

هاتنی لێشاوێکی گەورەی کرێکارانی بیانی لە وڵاتانی دراوسێوە لە کاتی شەڕی داعشدا، دیمۆگرافیایەکی نوێی دروستکرد. ئەم کرێکارانە ڕەگەزنامەیان لەو وڵاتەدا نییە کە کاری تێیدا دەکەن، بۆیە بەشداریی سیاسیشیان سنووردار بووە. زۆرجار خەڵکی ڕەسەن، بەهۆی هەستکردن بە کێبڕکێی کارەوە، هەڵوێستێکی نەرێنییان بەرامبەر دەنوێنن.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرێکارانی بیانی پۆلێن دەکات بۆ کرێکارانی کۆچبەری کارامە و خزمەتگوزاری. کۆچبەرە کارامەکان لەو کەرتانەدا کاردەکەن کە پێویستیان بە خوێندن و بڕوانامەی باڵا یان ڕاهێنان هەیە، وەکو خزمەتگوزاریی کارسازی، پەروەردە (قوتابخانە و زانکۆ نێودەوڵەتییەکان)، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کەرتی تەندروستی. لە کاتێکدا پۆلی خزمەتگوزاری (کەمتر کارامە)، کرێکارانی پرۆژەکان و ناوماڵ دەگرێتەوە. لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی لە شاری هەولێر ئاماژە بە زیادبوونی کرێکارانی کەمتر کارامە وەک کرێکارانی ناوماڵ دەکات کە لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی دابینکردنی دەستی کاری بیانییەوە دێنە ناو هەرێمی کوردستان (Carlton and Aulette, 2016).

**١. کۆمپانیاکانی هێنانی کارمەند و هاتنەژوورەوەی کۆچبەرانی کەمتر کارامە بۆ هەرێمی کوردستان**

کۆچبەرانی کەمتر کارامە بە تایبەتی لە کەرتەکانی وەک کاری ناوماڵ و میوانداری، بەزۆری لە ڕێگەی سیستەمی کەفالەتەوە کە دەزگاکانی دامەزراندنی کرێکارانی بیانی ئاسانکارییان بۆ دەکەن و دەهێنرێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە. ئەم کۆمپانیایانە کە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە مۆڵەتیان پێدراوە، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە دامەزراندنی کرێکاری بیانی و ڕاهێنان و دامەزراندنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان. بەڵام لەگەڵ ئەم دەزگایانەدا کێشە هەبووە، هەندێکیان بەهۆی هۆکاری جیاوازەوە ناچالاک بوون یان کۆتایی پێهێنراون، لەوانە پابەندنەبوون بە ڕێساکان یان کێشە داراییەکان.

ڕێنمایی هەیە بۆ چاودێریکردنی چالاکییەکانی ئەم کۆمپانیایانە. سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی کار لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی جەختی لە ئەگەر کۆمپانیاکان خراپ مامەڵە لەگەڵ کرێکاران بکەن، ئەوە ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبنەوە. جگە لەوەش پرۆسەی دامەزراندن لە ڕیکلامکردنی پۆستەکان لە ناوخۆدا دەستپێدەکات، ئەمەش پێش ئەوەی کرێکاری بیانی دەستنیشان بکرێ و لەو بارەوە کۆمپانیاکان بەرپرسیارن لە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی دامەزراندنەوە تا ئەو کاتەی کرێکارەکە کوردستان بەجێدەهێڵێت. لە میانی چاوپێکەوتنەکەماندا لەگەڵ کارزان، بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی کار لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ڕوونکردنەوەی بەم شێوەیە لەسەر ئەم پرسە دا:

"ئەگەر کۆمپانیایەکی هێنانی کرێکاری بیانی کەمتەرخەمی لە ئەرکی خۆی بکات یان مامەڵەی خراپ لەگەڵ کرێکاران بکات، ئێمە زۆر بەجدی بەدواداچوون دەکەین... دەبێت کۆمپانیاکان پێش ١٥ ڕۆژ داواکارییەکانیان پێشکەش بە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بکەن. ئێمە ڕێگە نادەین کەسێک یەکسەر بجێت کرێکارێکی بیانی بهێنێت و کاری پێ بدات لە کاتێکدا کرێکاری ناوخۆییمان هەبێت بۆ ئەو پۆستە" (چاوپێکەوتن لەگەڵ کارزان لێپرسراوی بەڕێوەبەرایەتی کار لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی).

کرێکارانی بیانی تەنیا لە ڕێی ڕێککەوتنێکی دوولایەنە لەگەڵ خاوەن کار ناتوانن بێنە هەرێمی کوردستانەوە بەڵکو لەڕێی وڵاتانی سێیەمەوە (نێوانگیر) دێن کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا یەکێک لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبییە. کۆمپانیای دامەزراندنی کرێکار\کارمەند بە گوێرەی ڕەگەزنامەی کرێکارەکە عمولەیەک بە بڕی ١٥٠٠-٢٠٠٠ دۆلار بۆ هەر کەسێک وەردەگرن. پرۆسەی دامەزراندنی کارمەند پشکنینی پزیشکی و پشکنینی پێشینەی ئینتەرپۆل لەخۆدەگرێت. کۆمپانیاکان پێداچوونەوە بەو

سیڤییانە دەکەن کە لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکانەوە نێردراوە و لەگەڵ پێداویستییە ناوخۆییەکان دەیانگونجێنن، هەندێک لە پۆستەکان پێویستیان بە ڕیکلامی ناوخۆیی هەیە پێش دامەزراندنی کرێکاری بیانی.

**٢. یاسا و ڕێنماییەکان**

پرسێکی گرنگ لێرەدا نەبوونی سیاسەتێکە بۆ پاراستنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان؛ سەرەڕای بوونی هەندێک ڕێسا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کرێکارانی بیانی. یەکێک لەو ڕێسایانە، ڕێنماییەکە کە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچووە (ڕێنمایی ژمارە 2، ساڵی 2015، کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان - عێراق). بەڵگەنامەکە لە 28 مادە پێکهاتووە کە تایبەتن بە لایەنە یاساییەکانی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان. سەرەتا چەمکە بنەڕەتییەکانی وەک بیانی، کرێکاری بیانی، کۆمپانیای دامەزراندنی کرێکار، خاوەن ماڵ، کرێکاری ماڵ و ئەوانی دیکە پێناسە دەکات. لە مادەی دووەمدا پرۆسەی دامەزراندنی کرێکاری بیانی لەلایەن کۆمپانیاکانی دامەزراندنەوە و مەرج و پەیڕەوەکانی وەزارەت لەو بارەوە ڕوون دەکاتەوە. بۆ نموونە کۆمپانیای دامەزراندنی کرێکارانی بیانی پابەندە بە پێدانی چەند ڕسوماتێک وەک: 1) بڕی 1,000,000 دیناری عێراقی وەک کرێی تۆمارکردن بۆ کۆمپانیاکە، و 2) بڕی 500,000 دیناری عێراقی وەک کرێی نوێکردنەوەی مۆڵەت بۆ ماوەی ساڵێک.

لەسەر بنەمای ئەم بەڵگەنامەیە، خاوەنکارەکان لە کەرتی تایبەت و تێکەڵاو و هاوبەشدا دەتوانن کرێکاری بیانی دابمەزرێنن کە ماوەکەی ساڵێکە. دوای ئەو ماوەیە دەتوانرێت بە مەرج نوێ بکرێتەوە. بەپێی پەیڕەو، کرێکارانی بیانی لە ماوەی مانەوەیان لە هەرێمی کوردستان، دەتوانن سوود لەو ناسنامەیە وەربگرن کە بە فەرمی پێیان دەدرێت. چەندین مادەی دیکەی لەو ڕێنماییەدا هەن کە ئاماژە بە ڕێکاری دامەزراندنی کرێکارانی بیانی دەکەن لەلایەن کۆمپانیا و بریکارە پەیوەندارەکانی دیکەوە. بۆ نموونە:

ئەلف- پێشکەشکردنی داواکارییەکی نووسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی کار لە پارێزگاکان لەگەڵ هاوپێچکردنی زانیاری تەواو و کارامەیی ئەو کرێکارە بیانیانەی کە بڕیارە لە ناو هەرێم لە سەر کارێک دابمەزرێت.

بێ- لە ماوەی 15 ڕۆژدا پێویستە دووجار ڕیکلام لە میدیای چاپکراو و بینراودا بۆ پۆستی بەتاڵ بکرێت، لەگەڵ دیاریکردنی جۆری پرۆژە و کار و کرێ و ژمارەی کرێکاران و شارەزایی و کارامەیی پێویست بۆ ئەو پۆستە.

ج- دابینکردنی کۆپییەکی گرێبەستی دامەزراندن.

د- ئەو خاوەن پرۆژە و وەبەرهێنەرانەی کە کرێکاری بیانی دادەمەزرێنن، پێویستە بڕە پارەیەک وەک کەفالەت کە بڕەکەی لە نێوان 500 - 1000 دۆلاری ئەمریکی دەبێت لە بانکێکی حکومی بۆ هەر کرێکارێک دەخەوێنن. ئەمەش بەگوێرەی تێچووی مەزەندەکراوی گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکەی خۆیان، بۆ گەرەنتیکردنی مافی کرێکارە بیانییەکان، هەروەها گەڕاندنەوەیان بۆ وڵاتەکانیان دوای کۆتایی هاتنی گرێبەستەکەیان. زۆرترین بڕی کەفالەتی هەر کۆمپانیایەک 25 هەزار دۆلارە.

هـ- قەدەغەیە کە کرێکارە بیانییەکان لە بازرگانی ڕۆژانەدا یان بە کۆیلەکردندا بەکار بهێنرێن.

و- کۆمپانیا یان خاوەنکار قەدەغەیە کە کرێکاری بیانی دووبارە دابمەزرێنێتەوە بۆ کارکردن لە کۆمپانیاکانی تر یان خاوەنکارەکانی تر بۆ وەرگرتنی پارە یان قازانجێکی زیاتر.

لەم بەڵگەنامەیەدا کۆمپانیا تۆمارکراوەکان بەرپرسیارن بەرامبەر کرێکارانی بیانی لە ڕۆژی دەستپێکردنیانەوە تا کۆتایی. زۆربەی ماددەکانی ئەم یاسایە باس لە چۆنییەتیی پەیوەندی و کارلێکی نێوان کرێکارانی بیانی و کۆمپانیای دامەزراندنیان دەکەن.

بەشی دووەمی ڕێنماییەکە تایبەتە بە خاوەن ماڵەکان. سێ جۆر پابەندبوون هەیە کە پێویستە جێبەجێ بکرێت. یەکەم، پابەندبوونەکانی کرێکاری ناوماڵ بە بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەکان، پاراستنی موڵک و ماڵی مادی و نامادی، یاساکانی هاتن و چوون و هتد. پابەندبوونی دووەم هی خاوەن ماڵە [خاوەنکار]، وەک پارەدان، خزمەتگوزاری تەندروستی، چارەسەرکردن، ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و هتد... بەشی سێیەم تایبەتە بە پابەندبوونەکانی کۆمپانیاکانی دامەزراندنی کرێکارانی ناوماڵ وەک پێشکەشکردنی بەڵگەنامەکان، هەلومەرجی گرێبەستەکان، شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو بۆ کرێکارانی بیانی و لایەنەکانی تر. بەشی کۆتایی بەڵگەنامەکە تایبەتە بەو ڕێسایە گشتیانەی کە پەیوەندییان بە کرێکارانی بیانییەوە هەیە وەک تەمەنی کرێکاران، نوێکردنەوەی گرێبەستەکان و هتد.

ئەم بەڵگەنامەیە [ڕێنمایی ژمارە (2)ی ساڵی (2015)، کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان - عێراق] هەموار نەکراوەتەوە و هەندێ پرسی نوێ هەیە کە چارەسەر ناکات. لە دوای کۆڤید-19 کۆمەڵێک کێشە ڕوویاندا کە ئەم ڕێنماییە چارەسەری بۆیان نییە. بەڵگەنامەکە تەنها بە زمانی کوردی بەردەستە و کرێکاری کۆچبەر لێی تێناگات. جگە لەوەش هاوشێوەی هەموو یاساکانی دیکەی عێراق و هەرێمی کوردستان، کەلێنێکی گەورە لە نێوان یاساکانی سەر کاغەز و شێوازی جێبەجێکردنیان لە واقیعدا هەیە. کەواتە، بەبێ هاوکاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی مەحاڵە کرێکارێکی ناوماڵ

بتوانێت دۆسیەیەک لەسەر خاوەنکارەکەی لە دادگا تۆمار بکات، ئەمەش بەهۆی بیرۆکراسییەتی تاقەتپڕوکێن و پرۆسەی کات بەفیڕۆدەرەوە.

**٣. بازرگانیکردن بە کۆچبەرانی مێینە**

هەرچەندە هیچ کام لە لێتوێژراوانمان باسیان لەوە نەکردووە کە بازرگانییان پێوە کراوە، بەڵام ڕاپۆرتە میدیاییەکان ئاماژە بەوە دەکەن ژنانی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق سەرەڕای هاتنیان بۆ کاریکی دیاریکراو، بە زۆر ناچار بە کاری سێکسی کراون. نموونەی ئەم زۆرلێکردنە لە شوێنەکانی وەک سەنتەری مەساج و یانە شەوانەکاندا دەبینرێت. توێژینەوەکەی سەنگەر یوسف لەسەر بارودۆخی ژیانی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان (2018) ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێک لە بەشداربووانی توێژینەوەکەی ڕایانگەیاندووە کە کرێکارە بیانییە ژنەکان جگە لە کاری سەرەکی و فەرمی خۆیان، لە کاری سێکسەوە گلاون. ئەو دەڵێت: "ئەمەش فۆرمێکی دیکەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و فێڵکردنە، چونکە کرێکاران بۆ مەبەستی سێکس نایەن، بەڵام ناچار بەو کارە دەکرێن. زۆرێک لە لێتوێژراوان ڕایانگەیاندووە، شوێنەکانی وەک سەنتەری مەساج و یانە شەوانەکان کراون بە شوێنی بۆ ئەو کارە نایاساییانە" (Yusuf, 2018: 24).

بەڵام زۆربەی بەرپرسانی کوردستان و شارەزایانی یاسایی، پێیانوایە سەرچاوەی ئەم بازرگانیکردنە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستانە، بەتایبەتی دەوڵەتانی کەنداو و عێراق. هەروەها لۆمەکە دەخەنە ئەستۆی کۆمپانیاکانی هێنانی کرێکاری بیانی کە کرێکارە کۆچبەرەکان پشتگوێ دەخەن (چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف حیتو، بەڕێوەبەری کار- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەرنامەی تەلەفزیۆنی کوردستان 24). ئاکام، کە پارێزەری کۆچبەرانە، باسی ئەو کەیسانەی کرد کە کاری لەسەر کردووە و باسی لەوە کرد کە چۆن ئەو کرێکارانە فریودراون و بوون بە بابەتی سێکسی:

"ئەم ژنانە لە وڵاتانی ترەوە [وڵاتی زێدی یان وڵاتی سێیەم] هێنران و بەڵێنیان پێدرابوو لە شوێنی گونجاو وەک هۆتێل و چێشتخانە بەناوبانگەکان کار بکەن، بەڵام کاتێک گەیشتن هیچ ڕووی نەدا، و پێش گەیشتنیان فرۆشران. زۆرێکیان تەنانەت پێیان نەگوتراوە دەچنە عێراق". (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکام لە بەرنامەی تەلەفزیۆنی K24 سەبارەت بە کرێکارانی کۆچبەری لە کوردستان)

قسەکانی ئاکام دەیسەلمێنن کە بازرگانیکردن بە کرێکارانی بیانی ڕوودەدات و جۆرێکە لە بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە. ئەم جۆرە بازرگانییە مرۆییە لە ڕاپۆرتی ژمارە 1ی ساڵی 2018ی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا ئاماژەی پێکراوە.

**میتۆدۆلۆژیا و ستراتیژی نموونەوەرگرتن**

**١. میتۆدی توێژینەوە**

توێژینەوەکە ڕێبازێکی چۆنایەتی گرتەبەر کە لەسەر بنەمای میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی ئێتنۆگرافی (ECA) بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی وەک چاودێریکردنی بەشداربووان لە ژمارەیەک ماڵ و دەزگا و هەروەها چاوپێکەوتنی قووڵ. توێژینەوەیەکی شیکاری ناوەڕۆکی چۆنایەتی زیاتر مامەڵە لەگەڵ لێکدانەوە دەکات نەک ژمارەکان و ڕێگە بە بەشداریکردنی زیاتری توێژەر دەدات (Daymon & Holloway, 2002, p. 6).شیکاری ناوەڕۆکی ئێتنۆگرافی(ECA) میتۆدێکی داهێنەرانەیە کە شیکاری ناوەڕۆکی چۆنایەتی بەکاردەهێنێت بۆ شرۆڤەکردنی "خوێندنەوەی دەقەکان".ECA "زیاتر سەرنج دەخاتە سەر دۆخەکان، شوێنەکان، شێوازەکان، وێنەکان، ماناکان کە گریمانە دەکرێت لەلایەن ئەکتەرە مرۆییەکان/ بەشداربووە قسەکەرەکان بناسرێنەوە" .(Krippendorff, 2013, p.23)

تیمی توێژینەوەکە هەستاون بەئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ گروپێکی هەمەچەشنی ژنانی کرێکاری کۆچبەر، بەتایبەتی ئەوانەی لە نێو ماڵ و بواری پاککردنەوە، پەروەردە، ڕێکخراوە ناحکومییەکان و خزمەتگوزارییە بازرگانییەکان کاردەکەن و لە وڵاتانی دراوسێ و هەروەها لە وڵاتانی دیکەی باشوور و باکووری جیهانەوە هاتوون. کارێکی مەیدانی ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی 2021 دا لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە لەگەڵ 24 کرێکاری بیانی لە ماوەی سەرهەڵدانەوەی پەتای Covid-19 دا.

چاوپێکەوتنی قووڵ لە تەممووزی 2021 تا کانوونی دووەمی 2021 ئەنجامدرا. سەرهەڵدانەوەی کۆڤید- 19و هەندێ کێشەی تەکنیکیی دیکە ئاستەنگی لە کاری مەیدانیدا بۆ دروست کردین و پرۆسەی توێژینەوەکەمانی خاوکردەوە. ئەمە وایکرد دەستڕاگەیشتن بە کرێکاری کۆچبەر قورس بێت، بەتایبەتی لە کەرتەکانی وەک میوانداری و هۆتێلەکان.

تەمەنی لێتوێژراوان لە نێوان 20-40 ساڵدا بوو و لە ئەمریکای باکوور، ئەوروپا، ئەفریقا، باشووری ئاسیا و وڵاتانی دراوسێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کۆچیان کردبوو و ماوەی مانەوەیان لە هەرێمی کوردستان لەنێوان 1بۆ 15 ساڵ بوو. هەروەها دوو چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی دامەزراندنی کۆچبەران و بەڕێوەبەری کار لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئەنجامدران.

لە کاتێکدا شوێن و ڕەگەزنامەی کۆچبەرانی کارامە هەمەچەشن بوو، لەوانە وڵاتانی دراوسێی وەک ئێران و سوریا، و ئەوروپا (دانیمارک، فەرەنسا، ئێرلەندا) یان ئەمریکای باکوور (کەنەدا، ئەمریکا)، زۆربەی لێتوێژراوانمان لە کەرتی خزمەتگوزاری (کاری ناوماڵ و میوانداری) لە ئەفریقا و باشووری ئاسیا کۆچیان کردووە. کۆچی باشوور بۆ باشوور هەم خوێندەوار و هەم کارامە (ئێران، پاکستان، باشووری ئەفریقا، سوریا)، هەروەها کەمتر کارامە، گارسۆن و کرێکاری ناوماڵ (غانا، ئەندەنوسیا)ی لەخۆگرتبوو. دوو کەسیان کە خەڵکی فلیپین بوون بڕوانامەی کۆلێژیان هەبووە، یەکێکیان وەک بەڕێوەبەری ژمێریاری کاردەکات.

زۆربەی چاوپێکەوتنەکان لە ڕێگەی تۆڕە ئەکادیمی و کۆمەڵایەتییەکانی توێژەرانەوە هەڵبژێردران. جگە لەوەی بەشێکیشیان لەڕێی نموونەگرتنی تۆپەڵە بەفری وەرگیراون. هەندێک لەوانە دوودڵ بوون لە چاوپێکەوتنیان بەهۆی نیگەرانییان لە خاوەنکارەکانیان. لە کۆتاییدا ڕێککەوتن کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام بە مەرجی هەبوونی بژاردەی وەڵام نەدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە نایانەوێت قسەی تێدا بکەن. پێنج کەسیش سەرەتا ڕەزامەندییان دا بەڵام دواتر پاشگەز بوونەوە و بە هۆکاری نادیار ڕەتیانکردەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکرێت.

بەهۆی سەرهەڵدانەوەی پەڕپەڕی کۆڤید-19، پێنج چاوپێکەوتن بە شێوەی ئۆنلاین ئەنجامدران. چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو لە قاوەخانەکان، کتێبخانەکان، یان شوێنی کارکردنی لێتوێژراوان ئەنجامدران؛ ئەپڵیکەیشنی زووم، و واتسئەپ بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ئۆنلاین بەکارهێنران. هەردوو بەشداربووانی ئۆفلاین و ئۆنلاین متمانەیان بە توێژەر کرد کە چاوپێکەوتنەکان تەنها بۆ توێژینەوە بەکاردەهێنرێن و توێژینەوەکە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ باشترکردنی دۆخی ژنانی کرێکاری کۆچبەر لە هەرێمی کوردستان و عێراق. دوای ناساندنی ئامانج و پانتایی ئەم توێژینەوەیە، لێتوێژراوان ڕەزامەندیی زارەکی خۆیان بۆ بەشداریکردن داوە. هەر چاوپێکەوتنێک لە نێوان 45-75 خولەکی خایاند.

**٢. تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانی نموونەی توێژینەوە (لێتوێژراوان)**

بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە هەموویان بەشێوەیەکی یاسایی مۆڵەتی مانەوەیان لە هەرێمی کوردستان هەبوو. تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانی نموونەی توێژینەوەکەمان لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو:

| ژ | تەمەن | وڵاتینامە | ئاستی خوێندن | کاری پێشوو | کاری ئێستا | باری کۆمەڵایەتی | مانەوە لە هەرێم بە ساڵ | شوێنی مانەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 33 | ئێرلەندا | ماستەر | مامۆستا\کرێکاری مارکێت | مامۆستای زمان | سەڵت | 6 | هەولێر |
| 2 | 30 | کەنەدا | ماستەر | کارمەندی ڕێکخراوەکان | کارمەندی ڕێکخراوەکان | سەڵت | 1 | هەولێر |
| 3 | 42 | باشووری ئەفریقا | بەکالۆریۆس | مامۆستا | مامۆستای زمان | سەڵت | 5 | هەولێر |
| 4 | 34 | ئەمریکا | بەکالۆریۆس | ڕۆژنامەنووس | ڕێکخەری پەیوەندییەکان | خێزاندار | 6 | سلێمانی |
| 5 | 39 | فەڕەنسا | ماستەر | بێکار | مامۆستای زمان | سەڵت | 2 | سلێمانی |
| 6 | 39 | پاکستان | ماستەر | کارمەندی ڕێکخراوە مرۆییەکان | کارمەندی ڕێکخراوە مرۆییەکان | خێزاندار | 6 | هەولێر |
| 7 | 41 | ئیندۆنیسیا | ئامادەیی | ژنی ماڵەوە | پاککەرەوە | جیابووەوە | 4 | هەولێر |
| 8 | 40 | ئیندۆنیسیا | ئامادەیی | ژنی ماڵەوە | کرێکاری ناوماڵ | خێزاندار | 3 | هەولێر |



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 9 | 37 | فیلیپین | بەکالۆریۆس | کارمەندی مارکێت | گارسۆن | سەڵت\ خاوەن منداڵ | 6 | هەولێر |
| 10 | 28 | غانا | ئامادەیی | یاریدەری چارەسەری سروشتی | کرێکاری ناوماڵ | سەڵت | 2 | هەولێر |
| 11 | 39 | فیلیپین | پەیمانگە | کارگێری ساڵۆن | بەڕێوەبەری ژمێریاری | خێزاندار | 2 | هەولێر |
| 12 | 40 | غانا | ئامادەیی | ژنی ماڵەوە | کرێکاری ناوماڵ | خێزاندار | ؟ | هەولێر |
| 13 | 35 | ئێران-کورد | سەرەتایی | بێکار | پاککەرەوە | سەڵت\ خاوەن منداڵ | 3 | هەولێر |
| 14 | 35 | ئێران- فارس | بەکالۆریۆس | ژمێریار | خاوەنی ساڵۆن | سەڵت | 4 | هەولێر |
| 15 | 34 | ئەران- کورد | بەکالۆریۆس | گرافیست | خاوەنی ساڵۆن- تاتوو | جیابووەوە | 8 | سلێمانی |
| 16 | 40 | ئێران-کورد | بەکالۆریۆس | زانیاری نییە | راوێژکاری سەرچاوە مرۆییەکان | خێزاندار | 15 | هەولێر |
| 17 | 29 | غانا | ئامادەیی | زانیاری نییە | کرێکاری ناوماڵ | خێزاندار | 2 | هەولێر |
| 18 | 31 | سوریا- کورد | بەکالۆریۆس | زانیاری نییە | مامۆستای زمان | سەڵت | 7 | دهۆک |
| 19 | 27 | غانا | ئامادەیی | جوانکاری | پاککەرەوە | جیابووەوە | 5 | هەولێر |
| 20 | 27 | سوریا | بەکالۆریۆس | ئەندازیاری دیزاین | کارمەندی بەشی کڕین | خێزاندار | 3 | هەولێر |
| 21 | 30 | سوریا | بەکالۆریۆس | پارێزەر | پسپۆڕی بەشی فرۆشتن | خێزاندار | 7 | هەولێر هەولێر |
| 22 | 29 | غانا | ئامادەیی | گارسۆن | کرێکاری ناوماڵ | خێزاندار | 1 | هەولێر |
| 23 | 30 | ئۆکرانیا | بەکالۆریۆس | گارسۆن | کارگێریی هوتێل | سەڵت | 3 | هەولێر |
| 24 | 40 | دانمارک | ماستەر | مامۆستای زمانی | مامۆستای زانکۆ | خێزاندار | 18 | هەولێر |

**شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوە**

**١. پاڵنەرە سەرەکییەکانی کۆچکردن**

پاڵنەرەکانی کۆچی کرێکاریی فرەلایەنن، لەوانە کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و ئابووری. نەبوونی دەرفەتی کار، تاقیکردنەوەی ژیان و کارێکی نوێ، کێشە سیاسییەکان، جیاکاریی رەگەزی و نایەکسانی لە وڵاتی کۆچلێکراو هۆکارگەلێکی سەرەکین کە وەک پاڵنەری کۆچی کرێکاریی بۆ هەرێمی کوردستان دەور دەبینن.

***دەرفەتی کار:*** زۆر کرێکاری بیانیی ژن، بەتایبەت لە ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ئاسیاوە، لە کەرتی خزمەتگوزاریی کار دەکەن. هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی باشە بۆیان و لەو رێیەوە داهاتێکی باشتر و ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان و ئەندامانی خێزانیان لە وڵاتی خۆیان دابین دەکەن. ئەوانە مانگانە یان چەند مانگ جارێک پارە بۆ کەسوکاریان دەنێرنەوە زۆربەی لێتوێژراوان لە مووچەی خۆیان رازین و تەنانەت ئەمە بۆتە هۆکارێکی سەرنجراکێش بۆ خەڵکی دیکەش کە بۆ کارکردن کۆچ بۆ هەرێمی کوردستان بکەن.

"من وڵاتی خۆم جێهێشتووە بۆ ئەوەی کارێکم هەبێت و پارەتی خێزانم بدەم. بەشێکی ئەو پارەیەی دەستم دەکەوێت مانگانە دەینێرمەوە" (چاوپێکەوتنی 21، مۆکۆچۆ، کرێکاری ناوماڵ، خەڵکی غانا)

*ئەزموونی ژیان و کاری تازە:* بەشێک لە بەشداربووان ڕایانگەیاند کە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی ئەزمونێکی نوێ لە ژیان لە شوێنێکی جیاوازدا. ئەمانە زۆربەی لەوانەن کە لەژێر فشاری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا نییە کە کۆچیان کردووە، بەڵکو ویستویانە "شت"ێکی نوێ و شوێنێکی جیاواز بۆ کارکردن تاقی بکەنەوە. بۆ نموونە ئەماندا دەڵێت:

"من [وەک هەمیشە] ویستم لە دەرەوەی وڵات کار بکەم" بۆ گەڕان بەدوای خەڵک و کولتووردا (چاوپێکەوتن1: ئاماندا، مامۆستا، خەڵکی ئێرلەندا).

بە هەمان شێوە جێسیکا کە کرێکارێکی بیانی بە رەگەز کەنەدییە لە ڕێکخراوێکی ناحکومی لە هەولێر کاردەکات، ڕایگەیاند کە "پۆستکردنی کارەکەی بینیوە" و هەستی کردووە ئەوە ئەو شتەیە کە "بەڕاستی حەزی پێدەکات". بەدەستهێنانی ئەزموونی نوێ لە بوارە چالاکەکاندا هۆکارێکی دیکەیە بۆ کۆچی کرێکاران. بۆ ئەوانەی لە ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان و کەرتی مرۆیی کاردەکەن، هەرێمی کوردستان یەکێک بووە لەو شوێنە سەرنجڕاکێشانە کە دەتوانێت ئەزموونێکی نوێی کاریان پێببەخشێت.

***شەڕ و ململانێی سیاسی لە وڵاتی خۆیان:*** پرسە سیاسییەکان، ململانێکان و خراپی بارودۆخی ئابووری لە وڵاتی زێدی کۆچبەران بەشێکن لە هۆکارە سەرەکییەکان کە پاڵیان بە لێتوێژراوان ناوە بۆ کارکردن لە هەرێمی کوردستان. ئەم دەستەیە لەلایەن UNHCR وەک ئاوارە یان پەنابەر ناسراون بەڵام لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە مۆڵەتی کارکردنیان پێدەدرێت. ئەوانە هەرێمی کوردستانیان بە پەناگەیەکی گونجاو و ئارام زانیوە. ڕۆژا چالاکوانی سیاسی کوردی خەڵکی ئێران ڕایگەیاند کە؛

"لە ئێراندا خەریکی چالاکییەکانی پەیوەست بە بزووتنەوەی سیاسی کورد بووم و ژیانم گۆڕا. بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەگەڵ یەکێک لە حیزبە سیاسییە [نایاسایی‌یە] کوردییەکان خەریکی چالاکی سیاسی بووم. دواتر لە شاخی قەندیل پەیوەندیم بەو حیزبەوە کرد و تا ساڵی ٢٠٠٦ وەک گەریلا/پێشمەرگە کارم لەگەڵیان کرد، دواتر کۆتاییم بە هاوکارییەکانم لەگەڵ حیزب هێنا و هاتم لە هەولێر بمێنمەوە. بە هۆی مێژووی سیاسی خۆمەوە نەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ ئێران" (چاوپێکەوتنی 16: ڕۆژا، ڕاوێژکاری سەرچاوە مرۆییەکان، خەڵکی ڕۆژهەڵات-ئێران)

شەڕ و ململانێکان لە سوریا لە ساڵی ٢٠١١ەوە دەستی پێکرد و سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی بارودۆخەکەی خراپتر کرد. هەرێمی کوردستان بە ملیۆنان پەنابەری لە سووریا وەرگرت کە بەشی زۆری کورد بوون. ڕیما، یەکێکە لەو کوردانەی سوریا کە بۆ دۆزینەوەی کار و ژیان ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە:

"بەهۆی شەڕەوە بڕیارمدا لە وڵاتەکەم هەڵبێم. دەزانی من لە دیمەشق دەژیام و ئەو کاتە، دۆخەکە نائارام بوو، بۆیە خێزانەکەم بڕیاریاندا ئەو شارە بەجێبهێڵن و دواتر چووینە شاری قامیشلۆ و نزیکەی حەوت مانگ لەوێ ماینەوە. بەڵام لەوێ بارودۆخی ژیان زۆر خراپ بوو. کارەبا نەبوو، ئاو نەبوو. قەیرانی نان هەبوو، قەیرانی غاز. بە کورتی ترسناک بوو. هەر بۆیە بڕیارماندا سەفەر بکەین بۆ کوردستان لە عێراق" (چاوپێکەوتنی 18: ڕیما، مامۆستای زمانی ئینگلیزی، خەڵکی ڕۆژئاڤا-سوریا).

**٢. ئالنگارییە کولتوورییەکان**

ئەو کرێکارە بیانیانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لە وڵات و پاشخانی جیاوازەوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان. ڕەنگە زمان و ئایین و نەتەوە و ڕەگەزیان جیاواز بێت لە خاوەنکارەکان یان ئەو کەسانەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن. بۆیە جیهانبینی و دیدگا جیاوازەکانیان کاریگەری لەسەر کارلێک و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان هەیە. ئەم دۆخە کاریگەریی ڕواڵەتی لەسەر بارودۆخی ژیان و ڕێژەی تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆجێیی بەجێهێشتووە. بۆ لێتوێژراومان، سانا، زمان یەکێک بووە لە ئالنگارییە سەرەکییەکان:

"تاکە کێشە وەک جیاوازی، زمانە. چونکە، تۆ دەزانی، ئێمە بە یەک زمان قسە ناکەین" (چاوپێکەوتنی 6: سانا، کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە مرۆییەکان، خەڵکی پاکستان)

بەڵام تەحەدای زمان بۆ سانا کە دەتوانێت بە زمانی ئینگلیزی گفتوگۆ لەگەڵ خەڵک بکات کەمترە لە ئاستەنگەکانی کرێکارێکی ناوماڵ کە ناتوانێت لەگەڵ ئەندامانی ئەو خێزانەی کە کاریان بۆ دەکات گفتوگۆ لەسەر شتە سەرەتاییەکان بکات. لە هەندێک لە لێتوێژراوان (کرێکاری ناوماڵ) نەیتوانی بە زمانی ئینگلیزی، کوردی یان هەر زمانێکی دیکەی ناوخۆیی بە باشی قسە بکەن. هەر بۆیە، سێ لە چاوپێکەوتنەکانمان نەیانتوانی ئاستێکی قبوڵکراو بەدەستبهێنن، چونکە لێتوێژراو ناچار بە بەڵێ یان نەخێر وڵامی کورتیان دەدایەوە. ئێمە نەمانتوانی وەرگێڕێک بە زمانی زگماکی خۆیان بدۆزینەوە.

جگە لە شـــێوازێکی نوێی ژیان و ژینگەی کارکردن، لە کاتی پرســـیارکردن لە کێشـــە کولتوورییەکان، ئالنگاریی گەورەی دیکەش هەبوون. هەندێک لە لێتوێژراوان وەک ئالنگارییەک دەیانبینی و هەندێکی تریش وەک ئەزموونێکی نوێ ســـەیریان دەکرد. جێسیکا باس لەوە دەکات:

"ئەوە رەنگە تەنها شـــێوازی [ژیان] بێت، ئایا بەربەســـتی زمان. پێموایە خۆی وا نییە، بەڵام ئالنگارییەکە کە لە هەموو دۆخێکی نێودەوڵەتیدا کە تێیدا بووم، کاتی ویســتووە تا فێربووم و تێگەیشــتووم لەوەی کە لەو شــوێنە چی باو و چی قبوڵکراوە" (چاوپێکەوتنی 2: جێسیکا، لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، خەڵکی کەنەدا)

هەرچەندە لە شـــارێکی گەورەی وەک هەولێر یان ســـلێمانی ســـنووردارکردنی هێندە توند بۆ جۆری جلوبەرگ نییە، بەڵام بەشـداربوویەک باســی لەبەرکردنی هەندێک جۆری جلوبەرگ دەکات کە لەلایەن کۆمەڵگەی خۆجێییەوە بە شـێوەیەکی جیاواز لێکدراونەتەوە:

"من لێرە لە هەولێر شـــۆرت و تەنووری کورت لەبەر ناکەم، چونکە وا بیردەکەمەوە کە من لەشـــفرۆشـــم، بەڵام لە وڵاتی خۆمدا، هەر شتێکمان پێ خۆش بێت لەبەری دەکەین" (چاوپێکەوتنی 9: ئێلپا، گارسۆنی چێشتخانە، خەڵکی فلیپین)

پرسـێک کە زۆربەی بەشـداربووان باسـیان کرد، ئەوەیە کە پیاوان هەوڵی بەسـتنی پەیوەندی خۆشـەویسـتی دەدەن لەگەڵ کرێکارە ژنە بیانییەکان بەبێ گوێدانە پێگە و ڕەگەز و نەتەوە. کاترینا لە یەکەم کاریدا لە هەولێر گارسـۆن بووە بەڵام ئێسـتا لە هۆتێلێکی 5 ئەستێرەدا وەک کارگێڕ کاردەکات. بەم شێوەیە باسی چیرۆکەکەی دەکات:

"یەکێک لە کاپتنەکانم هاتە لام و داوای لێکردم ببینە هاوڕێ. ســـەرەتا تێنەگەیشـــتم بۆ کەســـێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت هاوڕێیەتی لەگەڵ ژنێکدا چ واتایەکی هەیە... لە ئۆکرانیا و ڕووسـیا، ئەگەر کەسـێک هاوڕێ بێت بە واتای ئەوە نییە پەیوەندی خۆشەویستیت لەگەڵی هەیە. سەیری دەکردم، پێی وتم 'دەمەوێت بچمە دەرەوە و لەگەڵت قاوەیەک بخۆمەوە.' جێم هێشت و گوتم کە دەزانم [ئەو] هاوسەرگیری کردووە. وتی بەڵێ، بەڵام ئەمە [کێشەیەک] نییە، ژنەکەم لە ماڵەوەیە لەگەڵ منداڵەکان، و ناتوانێت بزانێت من بۆ کوێ دەڕۆم. پێم گوت کە پارەی ئەوەندەم هەیە کە کوپێک قاوە بۆ خۆم بکڕم" (چاوپێکەوتنی 23: کاترینا، کارگێڕی هۆتێل، خەڵکی ئۆکرانیا)

زۆربەی بەشـداربووانی ئەم لێکۆڵینەوە بە تایبە تی کۆمپانیاکانی دامەزراندن و بەرپرسـانی حکومی ئاماژەیان بەوە کرد کە جیاوازیی کولتووری و پرسـەکانی پەیوەست بە کارەوە زۆربەی کات بوونەتە هۆی کێشـەی هەم بۆ کرێکارانی بیانی (بەتایبەت کرێکاری ناوماڵ) و هەمیش بۆ خاوەنکاران/خاوەن ماڵەکان لەگەڵ یەکتری هەڵنەکەن. لەم جۆرە حاڵەتانەدا بەزۆری کۆمپانیاکە کرێکارەکە دەنێرێت بۆ خاوەنکارێکی دیکە (ماڵێکی تازە) یان ئەگەر کرێکارەکە نەتوانێت لەگەڵ خاوەنکارە نوێیەکەدا بەردەوام بێت لەوانەیە کرێکارەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ وڵاتی خۆی. بەپێی ڕێنمایی ژمارە (2)، ســـاڵی 2015، خاوەن خانوو تەنها لە 3 مانگی یەکەمدا دەتوانێت کرێکارەکە بگەڕێنێتەوە بۆ کۆمپانیاکە و داوای کرێکارێکی تر بکات. بە پێی هەمان رێنمایی، ئەگەر بابەتەکە پرســـێکی کولتووری و زمانی بێت، و کرێکاری بیانی گرێبەســـتەکەی پێشـــێل نەکردبێت، ئەوە ئەرکی کۆمپانیا یان خـاوەنکـارە کە بلیتی ســـەفەر بۆ کرێکـارەکە دابین بکـات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی زێـدی خۆی، واتە ئەو وڵاتەی کە کرێکارەکە لێیەوە هاتووە.

**٣. ڕەزامەندیی لە کاردا**

کرێکاری بیانی، بەتایبەت کرێکاری ژنی ناوماڵ، بەشێک نییە لە ئابووریی فەرمی لە هەرێمی کوردستـاندا. هەر بۆیە جگە لە هەندێ ڕێوشوێنی یاسایی کە لە سـەرەوە باس کران، چوارچێوەیەکی یاسـایی و سیاسـی بۆ پاراسـتنی ئەوانە نییە. هەر بۆیە ڕەزامەنـدبوون لە کـار تـاکە هۆ و ئومێدێکە کە وا لە کرێکـارانی بیـانی بکـات بۆ مـاوەیەکی درێژتر بمێننەوە، خۆیـان لەگەڵ کۆمەڵگەدا بگونجێنن و بەسـەر ئەو کێشـانەدا زاڵ بن کە لە سـەرەوە باس کران. بە پشتبەسـتن بە ئەنجامەکانی کاری مەیدانی و ئەو چاوپێکەوتنانەی ئەنجامدراون، دەتوانین بڵێین کە "تیۆری جووت فاکتەری"ی هێرزبێرگ (Noell, 1976) دەتوانێت ئاستی ڕەزامەندی لە کار بۆ کۆچبەرانی کرێکاری مێینەی ناوماڵ و کۆچبەرانی کارامە لە هەرێمی کوردســـتاندا ڕوون بکاتەوە. ئەم چەمکە ئەوە پیشان دەدات کە ڕەزامەندی لە کار دوو لایەنی سەربەخۆی جیاواز لەخۆدەگرێت؛ یەکەم پەیوەندی بە "ڕەزامەندی" و دووەم پەیوەندی بە "ناڕازیبوون"ەوە هەیە. بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا بیگونجێنین، هۆکارگەلگەلێک هەن کە پەیوەنـدییـان بە ئیســـتغلالکردنەوە هەیە لە پەیوەنـدی بە کـارەوە کە یـان ڕازیبوون لە کـار یـاخود نـاڕازیبوونی کـارمەنـدەکەی لێدەکەوێتەوە. لایەنێکی ئەم جۆرە 'ڕەزامەندییە' مووچەیەکی باش و پاداشـــتی دیکەیە کە ڕەنگە کۆچبەرانی مێینە وەربیگرن. لۆن، کە وانەبێژە لە زانکۆیەکی ئەهلی و مووچەی لە زانکۆکانی تری هەرێمی کوردسـتان باشـترە، ئاماژەی بەوەکردووە، "لە ڕووی داراییەوە زۆر باشـە" چونکە هاوژینەکەشـی کاردەکات. ئەمەش کاریگەری لەسـەر تێڕوانینی ئەو هەبووە سـەبارەت بە ڕەزامەندی لە کار:

"بەڵێ من زۆر دڵخۆشم. بەڕاستی حەز بە بوون لەگەڵ خوێندکارەکانم دەکەم، و بەڕاستی چێژ لە بوون لەگەڵ هاوکارەکانم وەردەگرم، بۆیە لە ئیشەکەمدا زۆر لە ژێر فشاردا نیم، کاتم هەیە کار لەسەر شتی تر بکەم جیا لە وانەوتنەوەکەم. بە گشتی زۆر دڵخۆشم هەم لە ڕووی ناوەڕۆک و هەم لە ڕووی ژینگە و دەوروبەر و هەم لە ڕووی هەموو شتێکەوە" (چاوپێکەوتنی 24: لۆن، وانەبێژی زانکۆ، خەڵکی دانیمارک)

سەرەڕای ئەمە، هۆکاری هەن کە وا دەکەن کرێکاری بیانی ژن ناڕازی بێت کە کارەکەی، وەکو کەمی مووچە، پاداشت یان نەبوونی خزمەتگوزاریی تەندروستی. جگە لەمانە، ناڕەزایی ڕەنگە لە چاوەڕوانییەکی زۆری خاوەنکار و هەڵوێستی کۆنەپەرستانەی کولتوورییەوە سەرهەڵبدات کە پێیوایە کرێکاری ناوماڵ دەبێ 'هەموو شتێک لە ماڵەکەدا' بکات کە ئەمەش جۆرێکە لە چەوساندنەوە لە کار. ماریان، خەڵکی ئەندەنوسیایە و لە کەرتی پاککردنەوەدا کاردەکات، بەم شێوەیە باسی چیرۆکەکەی خۆی بۆ کردین:

"کێشەی من ئەوەیە کە کاتێک لە ماڵێکدا کار دەکەم، کار تەنیا بۆ ئەوان ناکەم، بەڵکو دەبێت کاری شەخسی بۆ ئەندامانی تری خێزانەکەش بکەم. ئەوانیش ڕێگەم پێنادەن پشوو بدەم. لە ڕۆژدا چەند جارێک دەمانبەنە دەرەوە بۆ ئەوەی پیشانی خەڵکمان بدەن، ئەوەش وامان لێدەکات هەستێکی زۆر ناخۆشمان هەبێت. ئەگەر کارێکی تایبەت بێت بۆ ئەنجامدانی، ئەوە کێشە نییە، بەڵام خۆ دەرخستن و شانازی پێوەکردن هەستێکی خراپمان پێدەدات" (چاوپێکەوتنی 7: ماریان، کەرتی پاککردنەوە، خەڵکی ئەندەنوسیا)

هەستکردن بە جیاکاری لە شوێنی کاردا بەهۆی ڕەگەزپەرستی یان ئیتنۆسەنتەریزمەوە نموونەیەکی دیکەیە لە نیشاندانی ناڕەزایی لە شوێنی کاردا کە وا لە کرێکارانی بیانی دەکات شوێنی کارکردنیان یان جۆری کارەکەیان بگۆڕن. لەیلا لە سەنتەرێکی جوانکاریدا کاردەکات. ئەو پێی وایە موشتەرییەکان و تەنانەت خاوەن کارەکانیش ژنانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیان پێ لەپێشترە لە ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

"بەڵێ، [داهاتەکە] باشە، بەڵام ئەوەندە نییە چونکە دەبێت کرێ شوێنی مانەوە و گواستنەوە بدەم"، "بەڵام هەندێکجار پارەی زیاتر بە تەکنیکارانی نینۆک جوانکردنی ئۆکرانیا دەدەن وەک لە ئێرانییەکان، چونکە دەڵێن ئۆکراینییەکان کارێکی باشتر دەکەن...بەڵام ئەوە ڕاست نییە و... ئەوانیان بۆ شتێکی تر دەوێت" (چاوپێکەوتنی 14: لەیلا، تەکنیکاری نینۆک، خەڵکی ئێران)

**٤. هەراسانکردن و دەستدرێژیی سێکسی**

ئەنجامەکانی توێژینەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆرێک لە کرێکارانی بیانی ژن کێشەیان لەگەڵ بەکارهێنانی گواستنەوەی گشتی و بەتایبەتی تاکسی هەیە. لە ڕاستیدا هەندێک جار گفتوگۆ سەرپێییەکانی ناو تاکسیەکان وەک جۆرێک لە "هەراسانکردنی سێکسی" لێکدەدرێتەوە کە لە راستیدا ئەگەری هەیە کێشەکە جیاوازییە کولتوورییەکان بێت کە بیانییەکان تێنەگەیشتبن یان ڕەنگە خەڵکی ناوچەکە حەز بکەن زیاتر دەربارەی بیانییەکان بزانن کە بەشێکە لە کولتوری کوردی. گەلێک جار شوفێری تەکسی پرسیاری کەسی دەکات، کە بەلای ئەوەوە پرسیاری ئاسایین لە چوارچێوەی کولتووری کوردیدا. بەڵام بەلای کەسی بیانییەوە وا نین و بە پرسیاری زۆر تایبەتی و کەسی لەقەڵەم دەدرێن. بۆ نموونە ئەماندا وتی:

"ئەگەر لێرە تەکسی بگریت، ئەوە بەسەر مندا هاتووە کە شۆفێری تەکسییەکە پرسیاری ژمارەکەم لێدەکات یان لێم دەپرسێت ئایا هاوسەرگیریم کردووە، چەند منداڵم هەیە کە دەبێت [بڵێم] پێنج منداڵم هەیە" (چاوپێکەوتنی ١: ئەماندا، مامۆستا، خەڵکی ئێرلەندا).

لە زۆر حاڵەتی گواستنەوەی گشتیدا (بەتایبەت لەگەڵ شۆفێرانی تەکسی) ئەو پەیوەندییە بووەتە هۆی ئازاردانی سێکسی بۆ کرێکارانی بیانی و موغازەلە و دەست بۆ بردنیان. ڕوتینا بەم شێوەیە ئەزموونی خۆی خستەڕوو:

"لەگەڵ شۆفێرانی تەکسیدا هەندێک جار...بەڵام، جارێکیان هاوڕێیەکم، خەڵکی زیمبابۆی، تەکسی گرتبوو و تەنانەت شەویش درەنگ نەبوو. کاتژمێر ١١:٠٠ی شەو بوو. ئێمە لە گوندی [گەڕەکێکی دەوڵەمەندنشینی هەولێر] دەهاتین. شۆفێری تەکسییەکە لە مۆبایلەکەیەوە سەیری ڤیدیۆی رووتی دەکرد. هەوڵیدەدا شاشەی مۆبایلەکەی بسوڕێنێت بۆ ئەوەی ئێمە بیبینین. بەڕاستی ترساین" (چاوپێکەوتنی 3: ڕوتینا، مامۆستای زمانی ئینگلیزی، خەڵکی باشووری ئەفریقا).

عاسیفەش چیرۆکێکی هاوشێوەی گێڕایەوە کە بەسەری هاتووە:

"کاتێک دەچوومە ناو تەکسییەکەوە، شۆفێرەکە دەستی لە دەستەکانم دەدا و [ئەو کارە] بە شێوەیەک دەکرد کە وا نیشانی بدات بە ڕێکەوت بووە. [ئەو] چاوەڕێی کاردانەوەی منی دەکرد... پێم دەگوت بوەستە و پەیوەندی بە پۆلیسەوە دەکەم ...، کە هەندێکیان هەر گرنگی پێنادەن. بۆیە پێویست بوو لە تەکسییەکە دابەزم" (چاوپێکەوتنی 8: عاسیفە، کرێکاری ناوماڵ، خەڵکی ئەندەنوسیا).

چیرۆکی لەمانەی سەرەوە جیا نەبوو:



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

"سێ جار رووبەرووی شوفێری تەکسییەک بوومەوە کە قسەی ناشرینی پێ گوتم و شتی خراپی [کاری سێکسی] لێ داوا کرد" (چاوپێکەوتنی 16، رۆزا، راوێژکاری سەرچاوە مرۆییەکان، خەڵکی ئێران)

جگە لە گواستنەوەی گشتی، ئازاردانی سێکسی ئەزموونێکی باوی زۆربەی کرێکارە بیانییەکانە لە فەزای گشتیدا. بۆ نموونە وا هەیە پیاوان شوێنیان دەکەون و سوکایەتیان پێدەکەن و دەستیان لێدەدەن. هەر لەبەر ئەم هۆکارە کرێکارانی بیانی بە ڕەچاوی ئەوە دەکەن کە چ جل و بەرگێک بپۆشن. ئەماندا ئاماژەی بەوەشکردووە:

"ئێمە لە عەنکاوە [گەڕەکێک لە هەولێر کە بە هەبوونی باڕ و یانەکان ناســراوە] بە پێ دەڕۆیشــتین. ئەو [هاوڕێکەم] جلی تەسک و کورتی لەبەردا بوو. کاتێک کابرایەک بەلای ئێمەدا تێپەڕی، دەستی لێدا و زۆر شڵەژاین" (چاوپێکەوتنی 1: ئەماندا، مامۆستا، خەڵکی ئێرلەندا).

لێتوێژراوێکی تر لەو بارەوە گوتی:

"من خۆم ئەو [هەراسانکردنە سێکسیەم] بەسەر هاتووە، لە کاتی چوونە دەرەوە، بەڵێ پیاوان بە شێوەیەکی نەشیاو لێت نزیک دەبوونەوە، دەستت لێدەدەن، قسەت لەگەڵ دەکەن، وا هەیە لە دوای تۆوە هاوار دەکەن. من ئەوەم ئەزموون کردووە... دوو هاوڕێم هەیە کە بە هەمان شێوە تووشی دەستدرێژیی سێکسی بوون" (چاوپێکەوتنی 42، لۆن، وانەبێژی زانکۆ، خەڵکی دانیمارک).

هەموو ئەوەی سەرەوە، و بەپێی یاسای هەرێمی کوردستان، هەر جۆرە ئازاردان و هەراسانکردنی سێکسی قەدەغەیە و خەڵک دەتوانن دەستبەجێ ڕێکاری یاسایی بگرنەبەر. بەڵام هیچ کام لە لێتوێژراوان باسیان لەوە نەکرد کە چوونەتە لای پۆلیس و سکاڵایان تۆمارکردووە.

**ئازاردانی سێکسی لە شوێنی کار:** وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ژنە کرێکارە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان بەسەر دوو جۆر دابەشــکراون. کرێکارانی کارامە و کرێکارانی خزمەتگوزاری. لە کاتی کاری مەیدانیدا، کرێکارانی کۆچبەری کارامە باسیان لە کەمترین ئەزموونی ئازاردانی سێکسی کرد یان ڕووبەڕووی ئەزموونێکی ئاوەها لە شوێنی کاردا نەبوونەتەوە. بەڵام زۆربەی کرێکارانی خزمەتگوزاری باســی چیرۆکی هەراســانکردنی خۆیان یان هاوڕێکانیان کرد. شــۆلێح، پاککەرەوەی ساڵۆنێکی جوانکاری باسی لەوە کردووە کە؛

"بەرپرسی هاوسەرەکەم [کە منی بە خاوەنکارەکەی ئێستام ناساند] هەوڵی دەدا پەیوەندی سۆزداری لەگەڵدا ببستەم...ئەو دەیویست زۆرترین سوود لە بارودۆخی دارایی خراپی ئێمە وەربگرێت بۆ ئەوەی پەیوەندی سێکسی لەگەڵمدا بکات و ئازارم بدات؛ پێشــنیاری کارێکی تری بۆ کردم لە کۆمپانیایەکی پاککردنەوە. دوو هەفتە لەوێ کارم کرد بەڵام نەمتوانی بەردەوام بم چونکە لەوێ زیاتر هەراسانی دەکردم" (چاوپێکەوتنی 13: شۆلێح، پاککەرەوە، خەڵکی ڕۆژهەڵات)

هەرچەندە زۆربەی چیرۆکەکانی هەراسانکردن لەلایەن ژنانی کرێکارەوە لە کەرتی تەندروستی و جوانکاری و میوانداریدا دەبیسترێن، بەڵام کرێکارانی ناوماڵیش هەندێک چیرۆکی هاوشێوەیان هەبووە:

"زاوای خێزانەکە زیاتر لە جارێک هەوڵیدا لەگەڵم بخەوێت، بۆیە کاتێک بە خانمی ماڵەکەم گوت هاوســەری کچەکەت هەوڵدەدات لەگەڵم بخەوێت، پێی وتم کە بێدەنگ بم و بە کەس نەڵێم" (چاوپێکەوتنی 10: ســارا، خزمەتکاری ناوماڵ، خەڵکی غانا)

ئازاردانی سێکسی ئالنگارییەکی زۆر جدییە کە کرێکارانی بیانی لە شوێنی کار و ژینگە گشتیەکاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئالنگارییەکی گەورەیە جا چ بەهۆی نەبوونی تێگەیشتن بێت، جیاوازی کولتووری، یان ئازاردانی سێکسی مەبەستدار.

**٥. ئاسایش و ئارامی لە شار\هەرێمی کوردستان**

سەرباری ئەوەی هەرێمی کوردستان و عێراق بەر شاڵاو و شەڕی داعش کەوتن، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری لێتوێژراوان ئاماژەیان بەوە دا کە لە هەرێمی کوردستان هەست بە ئارامی ژیانیان دەکەن. بۆ نموونە جێلین گوتی:

"دەڵێم کوردســتان زۆر ســەلامەتە. نازانم، هەســت بە هیچ ڕێگری و ســنوورێک ناکەم لە ژیانمدا لێرە. من لەو دەوروبەرە دەجووڵێمەوە و دەچمە دەرەوە، هەســت بە ئاسودەیییەکی زۆر دەکەم لە هەموو شــوێنێک" (چاوپێکەوتنی 5: جێلین، مامۆستا، خەڵکی فەرەنسا).

زۆرێک لە ژنانی کرێکاری بیانی دانیان بەوەدا ناوە کە پێش ئەوەی بێنە هەرێمی کوردســتانەوە "تێڕوانینێکی هەڵەیان بۆ ئاسایش" لە ناوچەکەدا هەبوو. ئەمەش دەکرێ پەیوەندی بەو تێڕوانینە پێشوەختەوە هەبێت کە بە تایبەتی ڕۆژئاواییەکان لەسەر ئاسایش و ئارامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیانە. لە ڕاستیدا هەرێمی کوردستان هێشتا لە قۆناغی دوای ململانێدایە. زۆربەی لێتوێژراوان هەرێمی کوردستانیان وەک بەشێک لە ناوچە جەنگاوییەکانی عێراق لەقەڵەم دابوو، کە ئارامییان تێدا لە ئاستێکی نزم دایە. بەڵام کاتێک ئەزموونی ژیانیان لێرە کرد، زۆربەیان لەم ڕوانگەیەوە هەستیان بە ئارامی و ڕەزامەندی دەکرد.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئەو هەستە ئارامییە کە پێشتر باسمان کرد، ڕەگوڕیشەی بۆ هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە. هەرچەندە لە ڕێی گەشتکردن لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی یان لە هەولێرەوە بۆ دهۆک، چەندین بازگە ببینی کە جوان دەرناکەون، بەڵام ئەوە کشێکی ئارام و ئاسایشی بۆ خەڵک دروستکردووە و مەترسییەکانی زۆر کەمکردووەتەوە. ئەم دیاردەیە سەرنجی کرێکارانی بیانیشی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ئەو جۆرە بازگانەدا نییە، بۆ نموونە سانا وتی:

"بێگومان ئاسایش و بازگەکان و ئەو شتانە زۆر باشن؛ دەزانی، ئەوەش بەندە بە ئێمەوە. هەرکاتێک بە بازگەیەک تێدەپەڕیت، دەبێت خۆبەزلزان نەبیت. ئەوان زۆر هاوکارن" (چاوپێکەوتنی 6: سانا، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە مرۆییەکان، خەڵکی پاکستان).

خاڵێکی تر بارودۆخی کرێکارانی کوردی خەڵکی ڕۆژهەڵات، ڕۆژاڤا و باکورە. زۆربەیان پەنابەر و کۆچبەرن و پەیوەندییان بە پارتە کوردە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران، سوریا یان تورکیاوە هەیە. بەهۆی کاریگەریی کۆماری ئیسلامی لە عێراق یان تورکیا لە هەرێمی کوردستان، نیگەرانی سەلامەتیی خۆیانن و ترسیان لەوە هەیە لەلایەن کەسانی پەیوەندیدار بە ئێران و ڕژێمەکانی تورکیاوە بڕفێنرێن یان تیرۆر بکرێن. هەرچەندە لەگەڵ بوونی ئەو خاڵانەی پشکنین و ئاساییشەوە لە ئێستادا ئەم جۆرە مەترسیانە کەمبوونەتەوە، بەڵام هێشتاش ترس هەر هەیە:

"لەبەر ئەوەی ئێمە وەک پەنابەری سیاسی لێرەین، جارجارە گوێت لێ دەبێت کە حکومەتی ئێران گرووپە نارازییەکانی خۆی لە وڵاتانی دراوسێ تیرۆر دەکات یان دەیانڕفێنێت" (چاوپێکەوتنی 13: شۆلێح، پاککەرەوە، کوردی ڕۆژهەڵات).

**ئەنجامگیری و راسپاردەکان**

**ئەنجامگیری**

١. شکستی ئابووری لە وڵاتی زێدی خۆی و نەبوونی دەرفەتی کار و داهاتێکی کەم، پاڵنەری کۆچکی کرێکارانی بیانی هەرێمی کوردستانن. جگە لەوەش، ئەو داهاتەی دەستیان دەکەوێت، دەتوانن پشتگیری خێزانیان (بەتایبەت ئەگەر منداڵ و خێزانیان لە وڵاتی خۆیان هەبێت) بکەن لە ڕێگەی حەواڵەکردنی پارە بۆیان.

٢. بەدەستهێنانی ئەزموونی دەرەوەی وڵات و بەدواداچوون بۆ دەرفەتی پیشەیی؛ هاوسەرگیری، ململانێی سیاسی و ناسەقامگیری (بۆ ئاوارەکانی ئێران و سوریا) هەندێ هۆکاری دیکەن کە کرێکاران ناچار دەکەن سنووری وڵاتان ببڕن بەدوای دەرفەتی دیکەی ئارام و ئاسایشی کاردا.

٣. زۆرینەی رەهای لێتوێژراوان لە مووچەکانیان ڕازی بوون و دەیانتوانی حەواڵە داراییەکانیان بۆ بژێوی خێزانەکانیان بنێرنەوە. هەرچەندە زۆربەیان بیمەی تەندروستییان نەبوو.

٤. بەشێکی لێتوێژراوان پێشنیاری هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەن وەک شوێنێکی سەلامەت و مامەڵەکردنیان بە شێوەیەکی باشتر بەبەراورد لەگەڵ و وڵاتانی کەنداودا. سەرەڕای ئەمەش، کریکارانی بیانی زۆرجار نارازین و خاوەنکارە هەژارەکانیان بەجێدەهێڵن بۆ کارکردن لەلای ئەو خاوەنکارانەی بارودۆخیان باشترە و ئەم کارەش لە ڕێگەی کۆمپانیاکانیانەوە ئەنجام دەدەن یان لەوانەیە بیانەوێ جۆری کارەکەیان بگۆڕن، بۆ نموونە، لەکرێکاری ناوماڵەوە بۆ کاری گارسۆنی یان خزمەتگوزاری چێشتخانە.

٥. هۆکارێکی دیکەی نارازیبوونی کرێکارانی بیانی ئەوەیە کە هەندێک لە خاوەنکارەکان ناچاریان دەکردن کاتێکی زۆر کار بکەن بەبێ پێدانی هیچ ڕۆژێکی پشوو. جگە لەوەش هەیانە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی ڕەگەزپەرستانە لە هەمبەر کرێکارانی بیانی نیشان دەدان و لە هەندێک حاڵەتدا ڕێگرییان لێدەکەن لە پەیرەوکردنی سروتە ئایینەکەیانی خۆیان.

٦. گێچەڵی سێکسی لە شوێنی کار و گواستنەوە (لە لایەن شوفێری تەکسی) و شوێنە گشتییەکان، بە تایبەت لە شەواندا، بەرامبەر بە کرێکاری کۆچبەری ژن دەکرێت. یەکێک لە کێشە و پرسانەی تر کە زۆربەی بەشداربووان ئاماژەیان پێدا، بریتی بوو لەو شێوازەی کە پیاوان بەهۆیەوە هەوڵ دەدەن پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ کرێکارە ژنە بیانییەکان دروست بکەن یان پەیوەندی ناتەندروستیان لەگەڵدا ببەستن بەبێ گوێدانە پێگە و ڕەگەز و نەتەوە. هەرچەندە هەندێکیان لە شەوانیشدا لە ناو شاردا هەست بە ئەمن و ئاساییش دەکەن.

٧. زۆربەی جارەکان بەهۆکاری ئەوەی گرێبەستەکانیان بە زمانی عەرەبی و کوردی دەردەچووە، کرێکاری خزمەتگوزاری (ناکارامە) هیچ زانیارییەکیان نییە سەبارەت بە مافەکانی خۆیان. ئەمە بۆ کرێکاری کارامە جیاوازە کە بەگشتی ڕەزامەندن بە

Foley, L., & Piper, N. (2021). Returning home empty handed: Examining how COVID-19 exacerbates the non-payment of temporary migrant workers' wages. *Global Social Policy*, *21*(3), 468–489. https://doi.org/10.1177/14680181211012958

IOM (2020) *Situation Report on International Migration 2019: The Global Compact for Safe, Orderly and Regular Migration in the Context of the Arab Region*

IOM (2022) *World Migration Report 2022*. Retrieved from *[Link]*

IPSOS Group SA (2018) *Unpacking Gendered realities in Displacement: the status of Syrian refugee women in Iraq*, UN Women

Izaguirre, L., & Walsham, M. (2021). *South-South migration from a gender and intersectional perspective: An overview. Working Paper*. Migration for Development and Equality, Coventry, UK: Migration for Development and Equity (MIDEQ), pp. 1-50.

Kaya, Z. and K. Luchtenberg (2018) *Displacement and women's economic empowerment: voices of displaced women in the Kurdistan Region of Iraq*. London.

Khan, T. (2020) *South-South migration: Southern interpretations of a Northern discourse*,

Kofman, E. (2020). Unequal internationalisation and the emergence of a new epistemic community: gender and migration. *CMS* 8, 36. https://doi.org/10.1186/s40878-020-00194-1

Kofman, E. (2022) *From and beyond the non-western 'North': gender and skilled migration*, June

Kofman, E. & Raghuram, P. (2020). Geographies of gendered migration. In *Routledge Handbook of Gender & Feminist Geographies*. Eds. Anindita Datta, Peter Hopkins, Lynda Johnston, Elizabeth Olson, Joseli Maria Silva.

Koh, S.Y. and L. Sin (2019) Academic and teacher expatriates: Mobilities, positionalities, and subjectivities, *Geography Compass vol.*

Krippendorff, K. (2013). *Content analysis: an introduction to its methodology* (3rd ed.): Thousand Oaks, Calif.: Sage, c2004.

Kunz, S. (2016) 'Privileged Mobilities: Locating the Expatriate in Migration Scholarship' *Geography Compass* 10 (3), 89-101.

*Kurdistan 24 (2016). TV Program on Foreign Workers in Kurdistan*, 4 October 2016. Available at: بیانی کرێکاری - YouTube

Paul, A. M. (2015) 'Capital and mobility in the stepwise international migrations of Filipino migrant domestic workers' *Migration Studies*, *3*(3), 438-459.

Rudaw News Agency (2019). Facing lack of opportunity at home, foreign workers seek jobs in Kurdistan. Retrieved from [Link]

Stansfield, Gareth (2021). "The Kurdistan Region of Iraq, 1991-2018." In *The Cambridge History of the Kurds*. Eds. Hamit Bozarsalan, Cengiz Gunes, & Veli Yadirgi. Cambridge University Press. pp. 362-381.

The Ministry of Labour and Social Affairs of the Kurdistan Region Government (2015). *Regulations number 2, 2015 special for foreign workers*. (Kurdish)

Yusuf, Sangar Salih (2018). Making a living beyond the borders: Foreign workers living conditions in the Kurdistan Region. A *report by Peace and Freedom Organization and Norwegian People's Aid*. [Link]

AP Newsroom (14 June 2020). Job losses hit foreign workers in Iraqi Kurdistan. Retrieved from [Link]

Rudaw News Agency (2021, August). Millions stolen from Duhok family located by... Retrieved from [Link]